# دادگاکەمان، شەفاف نیە شەرمەزارییە

عومەرمحەمەد

ناوەندی چاك یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی خاوەنی سەروەری گەورەیە، نەك "گەورەترین" سەروەری، چونکە کورد هێشتا فێری ئەوە نەبوو گەورەترین سەروەری بەدەست بهێنێت، بەداخەوە دەبوایە کوردی دوای ئەنفال، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین خۆی لەگەلێك خەوش و کەموکری ئەخلاقی پاکبکردایەتەوەو ڕاهێنانی لەسەرئەوە بکردایە گەورەترین سەروەری بەدەستبهێنێ، خاوەنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بوینایە بۆئەوەی کۆی مرۆڤایەتی بخەینە ژێرپرسیارەوە کە دوێنێ لە جینۆسایدکردنمان بێدەنگ بوو.. بەلای کەمەوە ئەوەمان بەدەست بهێنابایە ڕەفتارو ئەخلاقیاتی بەعس بکەینە شەرمێکی کۆمەڵایەتی... وەلێ ئەفسووس.

ناوەندی چاك وەکو خاوەنی سەروەری باشە، لە کەموکوری‌و کاری دزێویش بەدەرنیە..حەیف..ماوەیەکە بەرەو هەڵدێرمل دەنێ‌و بەرەو ناشرینکردنی پالی پێوەدەنین، بەداخەوە دۆست‌و ئەندامانی ناوەندەکە بەگشتی‌و دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەتایبەتی نەدەبوایە ڕێگەبدەن باری ئەو ڕێکخراوە بگاتە ئەو ئاستە خراپەی ئێستا، چونکە لە ناشرینکردنی یەکتردا براوەو دۆراو نیە، هەموومان ناشرین دەبین، حالی حازریش جوانیەکان گەلێك زۆرترن لەدزێوییەکان، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە بۆی تێبکەوین‌و نەهێڵن ئەم ئەزموونە لەباربچێت، بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەوە بدەین بیخەینە سەرسکەی تەندروستی خۆی‌و بکەوێتە تەواوکردنی کارەکانی. بەلای کەمەوە فشارێکی فعلی بین بەسەردەسەلاتی کوردی‌و دەولەتی عێراق‌و کۆمەلگەی نیودەولەتیەوە بۆئەوەی هەناسەیەك بۆ ئەم کۆمەلگا جینۆسایدکراوە بگەرێتەوە.

گەورەترین دەردی ئەو ناوەندە ئەوەیە کە دورە لە خەسلەتی ڕێکخراوەیی‌و بەستانداردی ڕێکخراوێکی، پرۆفیشنالی ناحکومی کارناکات، کە ئەمە کۆسپێکی ئەوەندە گەورەی لەبەردەم نیە تا بۆمان لانەچێت، بەشبەحالی خۆم هەمیشە ڕەخنەم لەبێسیستمی ئەو ڕێکخراوە گرتووەو تێکۆشاوم بۆئەوەی لەهەڵەشەیی‌و پەلەپەلی  بڕیارو ڕاگەیاندنەکانی‌و کێشە ناوخۆییەکانی، دوربکەوێتەوەو بچێتە سەرسکەیەکی ئاسایی‌و بەڕێوەبردنی تەندروست. وەلی ئەفسووس منیش لەسۆنگەی ئەوەوە بێ تانەو تۆمەت بۆدروستکردن دەربازنەبووم‌و زیاد لەجارێك بەناوی ڕاستەقینەی خۆیان‌و بەناوی مستەعارەوە لەپەنای داکۆکی کردن لەچاك بە زمانێکی زۆر خراپ، جنێوو قسەی ناشرینم ئاراستەکرا.

ئێستاش پێموایە ناوەندی چاك دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە ڕەخنەی جدی‌و ڕیشەیی لەخۆی بگرێت‌و کێشەکانی چارەسەربکات، یەکەمین ئەرکی ئەوەیە پرەنسیپە دیموکراسیەکان بکاتە چەتری خۆی بۆ کارکردن، ڕەفتاری تاکڕەوانە پەراوێز بخات‌و ئەوە لەبەرچاوبگرێت کە کۆمەلگەی کوردی بەجدی پێویستی بەبنیاتنانەوەو لێبووردەیی، هەیە. پێویستی بەرەفتاری مرۆڤدۆستانە هەیە.

بەداخێکی زۆرەوە ناوەندی چاك هاتووە، بەناوی دادگایی کردنەوە ئەندامێکی خۆی دەخاتە بەردەم حالەتێکی سایکۆلۆژی‌و ئەخلاقیی قورسەوە، کە تازە بەرائەت‌و تاوانباری ئەو بەرێزە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، گرنگ ئەوەنیە بەناوی شەفافییەتەوە، بەناوی داهێنانی نوێوە ئەندامێکی خۆت بکەیت، بەفلیم‌و کەرامەتی بهێنیتە ژێرپرسیارەوە، گرنگ ئەوەیە لەشەفافیەت تێگەیشتبین‌و ڕەفتارمان کۆنەپەرستانەو دلڕەقانە نەبێت..باشەوا گریمانەی ئەوەمان کرد، ئەو ئەندامە هەڵەیەکی کردووە، چما مرۆڤ بێهەڵەو کەموکڕی دەبێت؟ خۆ تۆمەتباریش بێت هەتا تاوانەکەی ساغ نەبێتەوە، مافی ئەوەی هەیە کەرامەتی پارێزراو بێت؟ چ پێویستی بەو هەرایە دەکرد "لەهەردوو تەرەفەوە" خۆ بەلای کەمەوە وەکو مرۆڤێك هەقی ئەوەی هەیە ڕێزی لێبگیرێت، ئەی مافەکانی؟ ئەی ئازادیەکانی، ئەی کەرامەتی؟ بۆهەردەبێت بەرێگای لەکەدارکردن‌و دلڕەقانە، بهێنرێتەوە سەرخۆ، هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو ؟ ئایا ممکنە ناوەندی چاك نەتوانێ ڕێگەیەکی گونجا بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە؟ باشە وامن ویستم تۆ یان تۆ ویستت من بشکێنی‌و لەپێشچاوی خەڵك دزێوبووین، لەم ڕەفتارە قێزەونەشماندا موەفەق بووین، ئەی دوای ئەوە؟ دەستکەوتەکانمان چین؟ کام جۆری قوربانیان سوودی لێدەبینێت؟ بۆدەبێت من لەزەت لەتێکشکاندنی تۆ ببێنم؟ یان بەپێچەوانەوە تۆ کەیفت بەترۆکردنی من بێت؟ ئەمە چ دیدێکی مرۆڤدۆستانەیەو چ ڕەفتارێکی توندرەوانەی گیلانەیە، لەکام پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراوێکی مەدەنیدا جیگای ئەم ڕەفتارە دەبێتەوە؟ لەکام بەندوبرگەی پەیرەوی ناوخۆی چاکیشدا ئەمە هاتووە؟ بۆیە لەکێشەیەکی وەك ئەوەی کاك "عوسمان تازك" باکەس دلی خۆی پێخۆش نەکات، چ ئەوانەی هەراکەیان لەسەر نایەوەو چ ئەوانەی داکۆکی لێدەکەن، هەق نیە کەسیش خۆی پێوەبابدات، چونکە هیچ لایەك براوە نین، تاکە قوربانیش ئەو بەرێزەو ناوەندی چاکە، ئەگەر ئەو دادگایە ناوبنرێت دادگای شەفاف، ئەوا بەرلەهەرکەسێك سوکایەتی بەدادگاو بەتۆمەتبارو بەوانەشە کەدادوەری دەکەن. چونکە ناوەندی چاك کێشەی لەوە گەورەتری هەیە، خۆی پێویستی بەوەیە دادگایەك بۆخۆی دابمەزرێنێ بۆ بنیاتنانەوەی خۆی چونکە، لەبری ئەوەی دەستکەوتەکانی بپارێزێت‌و بەلێیبوردەیی متمانە لەناو ئەندامەکانی بەرهەمبهێنێ، خەریکی شەرێکی قیزەوونی ناوخۆیە، کە هیچی لەشەرەناو خۆییەکانی یەکێتی‌وپارتی

جوانترنیه، بەڵکو زۆر دزێوترە لەبەر ئەوەی ئەم رەخنەگرە بەسەریانەوە. فەرموون بالیژنەیەك بۆ لێپێچینەوەی ئەوانە دامەزرێنین کە ناوەندی چاك لەکەدار دەکەنو دەبنە مایەی پشێوی‌و دوبەرەکێ، بۆئەوەی هەموو کەس سنوری ڕەفتارەکانی خۆی بناسێت.

ئەوەی ناوەندی چاك بەدەستی هێناوە ناکرێت، هەروا لەهەوەنتە لەدەستی بدات، لەبەرئەوەی ئەرکی گەورەترو رێگەی درێژتری لەپێشەو هێشتا کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال‌و کیمیاباران بەئاستەم هەناسە دەدەن، هەڵەبجەییەکان بەبرینەکانی گازی کیمیاوییەوە دەتلێنەوە. کەلتوری بەعس بەبەرگی کوردیەوە لەناو خیابان‌و خانەوادەو رێکخراوەو ناوەندەکانمانەوە شەرمان لەگەڵدەکات، تیرۆر هەرەشە لەگیان‌وبوونمان دەکات، هەرئەندامێکی ناوەندی چاکیش هەست بەم مەترسیانە نەکات هێشتا زۆری ماوە فێری کاری رێکخراوەیی بێت‌و ناشێت رێگە پیشاندەری خەڵکی بێت، تکایە باململانێی یەکتر بکەین بەڵام خەسڵەتە ئینسانیەکان بازنەی سوربن‌و نەیانبەزێنین، باهەمووومان بەتوندی رەخنە لەیەکبگرین، بەڵام بائینسان بین، با چاك بین، چونکە ناکرێت تۆ بەهەموو زمان خراپییەکی خۆتەوە ببیتە **داد وەرو قسەکەری رێکخراوێك کەناوی "چاك"ە.**